بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە بەپێی بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و چارەسەرکردن بۆ گشت هاوواڵتیان و دانیشتوانی کوردستان بڕیارماندا بە:

کردنەوەی ئەم هۆبانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە لە نەخۆشخانەی نەشتەرگەری سوتان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

١	هۆبەی جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە	٨	هۆبەی بانقی خوێن
٢	هۆبەی ژمێریاری	٩	هۆبەی تاقیگە
٣	هۆبەی ئامێرە پزیشکیەکان	١٠	هۆبەی دەرمانخانە
٤	هۆبەی ئامار	١١	هۆبەی پاکتاوی کردن
٥	هۆبەی پرسگە	١٢	هۆبەی دڵنیایی جۆری و کۆنترۆڵکردنی هەوکردن
٦	هۆبەی چاککردنەوە	١٣	هۆبەی چاودێری چڕ
٧	هۆبەی تیشک و سۆنار	١٤	هۆبەی شوشتنگە و ئوتو

د. پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری تەندروستی بەوەکالەت

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٦

- کردنەوەی (یەکەی پسولە) لە نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی قەڵادزی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٨/٣١.

بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٦

- کردنەوەی (یەکەی دەروونی) لە نەخۆشخانەی ئاشتی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٨/٣١.

بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی وە بەپێی بەرنامەی وەزارەتمان لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و چارەسەرکردن بۆ گشت هاوڵاتیان و دانیشتوانی کوردستان بڕیارماندا بە: کردنەوەی (یەکەی فریاگوزاری نشینگە) لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕووی تەندروستی و ئامار، بەڵام لەلایەنی کارگێڕی لە ژێر سەر پەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٦/٩/٢.

د.سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی